# چاوپێکەوتن لەگەڵ نادر عبدالحمید



nadr1506@yahoo.com

**ئەوەی لێرەدا ئەیخوێنیتەوە بەشی یەکەمی چاوپێکەوتنی گۆڤاری راوێژە لەگەل (نادر عبدالحمید) کە یەکێکە لە راگەیێنەرانی کەمپینێك بۆ جیگیر نەکردنی بەندنی حەوتەم لەدەستوری پێشنیارکراوی هەرێمی کوردستان. ئەم کەمپینە هەوڵ ئەدا لە کوردستاندا ئایین لەدەوڵەت و لە سیستمی پەروەردە و خوێندن جیا بکرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو کەمپینە تکایە بروانن ئەم ئەدرێسە ئینتەرنێتیە:**
[http://www.dengekan.ca/article7/Kurdish.html]

**گۆڤاری راوێژ سەر بە سەنتەری رۆشنبیری پارێزەرانی هەولێرە، ئەم چاوپێکەوتنەی لە ژمارە 8 کۆتایی مانگی دووی 2007 دا بلاوکردۆتەوە.**

**راوێژ:– کوردستان وەك بەشێك لە رۆژهەلاتی ناوەراست بەدرێژایی مێژوویەکی زیاتر لە هەزار ساڵ لەناو شارستانیەتێکی ئیسلامی، لەژێرسایەی دەسەلاتی چەندین ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و بەوپێیەش لەناو کولتوریکی ئیسلامیدا بووە و زۆرینەی خەلکەکەشی ئیسلامن، ئایە دەکرێ ئەمرۆ شیعاری ئەوە هەڵبگیرێت کە ئایین و شەریعەتی ئیسلام لە یاسادانانی هەرێمی کوردستان و سیستمی پەروەردە و خوێندنەکەی جیا بکرێتەوە.؟**

**وەلام:**– نادر عبدالحمید: **ئەو زانیاریانەی کە لەدوو توێی ئەو پرسیارەدا خراونەتە روو وەك فاکتی مێژوویی (حەقائیقی تەئریخی) ئەو هەزار و چەند سەد ساڵ لێرەو پێشە دروستن. واتە لەو رابردووەدا شارستانیەتێك و کلتورێکی ئیسلامی و دەسەڵاتێك لەشکڵی چەندین ئیمارات و دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا هەبوون و باڵیان کێشابوو بەسەر رۆژهەلاتی ناوەراستا و لەوانەش بەسەر کوردستاندا. ئەمرۆ ئەمانە لە جیهانی واقعدا بوونێکی فیزیکی و بەرجەستەیان نەماوە، بەلام دەکرێ باس لە پاشماوەی ئەو شارستانیەتە، ئەو ئیمپراتۆریەتانە و ئەو کلتورە بکرێت، وە بەو ئەندازەیەش باس لەکاریگەری ئەو پاشماوانە بکرێت بەسەرچارەنووسی ئینسانەکانی ئەو ناوچەیەدا.**

**بۆ روونکردنەوەی ئەو فکریە با نمونەیەك لەجیهانی ئەمرۆمان بهێنینەوە، شارستانیەتی بازاری ئازاد لەمرۆدا بەخۆی و بە ئیمپراتۆرە ئیستیعماریە کۆن و تازەکانیەوە، بە دەوڵەتە گوێ لەمست و نۆکەرەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستیەوە، بەجەنگە جیهانیەکان و بۆمبی ئەتۆمیەوە، بەدامەزراوە جیهانیەکانی وەك سندوقی نێودەوڵەتی دراو و نەتەوەیەکگرتوەکانیەوە، بەئینتەرنێت و سەتەلایتیەوە، بەبالادەستی یەکلایەنەی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك پۆلیسێکی ملهوری جیهانی و بەهەزاو یەك شتی ترەوە بوونێکی مادی و فیزیکی هەیە و ئەمەیە کە <u>بەپلەی یەکەم</u> چارەنوسی ئینسانەکانی جیهانی ئەمرۆی لەقاڵبداوە. وجودی فیزیکی و واقعی شارستانیەتێکی لەو چەشنەی سەرەوە بەناوی ئیسلامیەوە یان مەسیحیەوە ئەمرۆ لە ئارادا نیە بەلکو پاشماوەیەکی مێژوویی ئەم دوو شارستانیەتە لە شکڵی کلتور و قییەم و ئەخلاقیاتێك بە ناوەرۆکێکی تازەی ئەم شارستانیەتە سەرمایەداریەی ئەمرۆە مەوجودن. واتە شکڵێکی مێژوویی کۆن و قاوغێکن بەلام بە ناوەرۆکێکی تازەوە.**

**با بگەرێینەوە سەر باسەکەی خۆمان باسی شارستانیەتی ئیسلام. ئەم شارستانیەتە لەسەر بنەمایەکی ئابوری–کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژی–مەعنەوی و سیاسی–دەوڵەتی دامەزرابوو. کە سیستمێکی یاسایی لە زەواج و تەلاق، حەق و حقوقی ژن و پیا و بەسەریەکتریەوە، میرات و حقوقەکانی مناڵ لە پەیوەندی خێزانی و لە ناو کۆمەڵگەدا، چۆنیەتی رەسمیەتدان بە پێکهێنانی خێزان و پەیوەندی ژن و مێردایەتی،.....هتد. دیاریکردنی سزا بۆ لادان لە پەیرەوی ئەو یاسا ئیسلامیانە واتا تەواوی ئەوشتانەی ئەمرۆ پێی دەڵێن یاساکانی ئەحواڵی مەدەنی لەتەك ئەو یاسایانەدا هەبوون کە رێکخستنی کاروباری ئابووری–کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیان**

سەروسامان پێداوە  بۆ نمونە لەچەشنی سیستمی زەریبە (خومس و سەرفترە و زەکات)، تا مافە گشتیەکانی هاووڵاتیان و لەقاڵبدانی ئازادی بیرورا دەربڕین،...واتە تەواوی ئەوشتانەی کە بەزمانی یاسایی ئەم سەردەمە پێی دەڵێن مافە مەدەنیەکان و یاساکانی سزادان (قانون العقوبات)، لەو شارستانیەتە ئیسلامیەی پێشودا مەوجود بوون. ئەم بنەمایانەی کە ئەو سیستمە یاساییانەی لەسەر دامەزرابوو بەهۆی ئاڵوگۆڕیەکی مێژوویی بەتایبەت لە سەدەی نۆزدە و بیستدا لەئارادا نەماون. ڕەوەندی ئەو ئاڵوگۆڕە مێژووییە لەناو خودی ئەم شارستانیەتە و لە دواین ئیمپڕاتۆڕیەتە ئیسلامیەکەیدا (ئیمپڕاتۆڕەتی عوسمانلی) ڕەوتێکی گۆڕانکاری ڕیفۆڕمیستانەی هێناوەتە ئاراوە بڕوانە کارەکانی محمد عەلی پاشای میسر و مەدحەت پاشای والی بەغدا. ڕەوەندی ئەم ئاڵوگۆڕیانە و ئەم ڕیفۆڕمانە لەناو خودی ئەم شارستانیەت و ئیمپڕاتۆڕیەتەدا درەنگ یان زوو بەو ئاکامە ئەگەیشت کە تەواوی ئەم شارستانیەتە و ئەم ئیمپڕاتۆڕیەتە هەڵوەشێنێتەوە، وە لەسەر پاشماوەکانی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ لەناوچەکەدا دامەزرێنێت، دروست وەك هەمان ڕەوتی ئاڵوگۆڕی لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست بەدواوە تا سەدەی هەژدەهەم لە پەرەسەندنی خۆیا شارستانیەتی مەسیحی هەڵوەشاندەوە و شارستانیەتێکی تازەی مۆدێرنی هێنایە ئاراوە لە میانەی زنجیرەیەك لە ڕیفۆڕم و چەند شۆڕشێکەوە. ئەم ڕەوتە لەناو هەناوی شارستانیەتی ئیسلامیدا و لەسەرەتای کاریدا ئەکەوێتە ناو بارودۆخێکی جیهانیەوە کە لەڕەوەندی سروشتی خۆی لای ئەدات و ئەیکات بە بەشێك لە پڕۆسە و ئاڵوگۆڕێکی جیهانی. بەم شێوەیە  شارستانیەت و ئیمپڕاتۆڕیەتی ئیسلامی بەرلەوەی بە پێی ڕەوەندی ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکانی و لەسەردەستی هێزە ڕیفۆڕمیست وەیا شۆڕشگێرەکانی ناوخۆی هەلوەشێتەوە، لە جەنگی جیهانی یەکەم و بەداگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکانی ئینگلیزی و فەرەنسایی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرستی ئایینی (ئسرائیل) لە ناوچەکەدا، کۆتایی هات. ئەمە شکڵ و شێوازی کۆتایی هاتنەکە بوو. ڕەگێکی ئەسڵی لە شعور و بنەماکانی ئیسلامی سیاسی لەسەرەتای سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆ دەرپەڕاندنی ئیمپریالیزمی داگیرکەری ئینگلیز و فەرەنسا (و ئەمریکاش وەك میراتگرێکی ئیمپریالیستانەی ئینگلیز و فەرەنسا لەناوچەکەدا) وە لە بەین بردنی ئیسرائیلە وەك سومبلی ئەو داگیرکاری و لەباربردنی شارستانیەتی ئیسلامیە. ئیسلامی سیاسی لەم کارەیدا هەتا ئەگەر سەریش بکەوێت ناتوانێت تازە ئەو بنەما ئابووری–کۆمەڵایەتیانە زیندووکاتەوە کە سیستمی یاسایی شارستانیەتی پێشووی ئیسلامی لەسەر دامەزرابوو. چاری ناچارە و ناتوانێت سەرخانێکی سیاسی و یاسایی  دواکەوتوانەی هەمان شارستانیەتی سەرمایەداری ئەمڕۆ نەبێت. واتە ئیسلامی سیاسی ئاڵتەرناتیڤی لەبەرامبەر شارستانیەتی سەرمایەداری بازاری ئازادی ئەمڕۆدا پێ نیە. بەڵكو شكڵێكی ئیستیبدادیانەی سیاسی و یاسایی بۆ ئەخاتە ڕوو. بۆیە تەواوی ئەو پاساوانەی کە باس لە ئیسلامی بوونی کوڵتوری ئەو کۆمەڵگانە دەکات بۆ ڕێگەگرتنە لە ڕێك هاتنەوەی یاسا مەدەنیە هاوچەرخەکان و مافە مەدەنیەکانی هاووڵاتیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا نەك بۆ خستنەڕووی ئاڵتەرناتیڤێکی شارستانی لەبەرامبەر بازاڕی ئازاددا و وەکو ڕیکلامێکی سیاسیش بەکار دەهێنرێت بۆ بەرژەوەندی حیزبی و سیاسی تایبەت.

تا ئەو جێیەش کەباس لە موسڵمان بوونی زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئەکرێت، ئەگەر مەبەست لەوە ئەو نوسینە بێت کە لە هەویەی ئەحواڵی مەدەنی کەسەکاندا نوسراوە، ئەوە ڕاستە بەڵام وەرە سەیری جیهانی واقعی بکە ئایە لەبەرامبەر ئەو شەپۆلە لە مل نان و کۆچ و ڕەوی خەڵکی کوردستان بەرەو ئەوروپایەکی مەدەنی هەتا دوای ڕووخانی سەدام و لە ئێستاشدا، شەپۆلێکی لەو چەشنەی مل نانی خەڵك بۆ چی نابینرێت بۆ وولاتانێکی ئیسلامی وەك ئێران و سعودیە. ئەگەر قەرار بێت خەڵکی کوردستان ئیختیاریان بەدەست بێت خوازیاری دەوڵەتێکن لە چەشنی دەوڵەتانی ئەوروپی نەك دەوڵەتێکی وەك سعودیە، جمهوری ئیسلامی ئێران و ئەفغانستانی ژێر دەسەلاتی ئەوکاتەی تاڵەبان. ئەگەر ئەو نوسینەی ناو هەویەی ئەحواڵی مەدەنی کەسەکان تەعبیرێکی واقعی بوایە لە ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی دڵنیام کە ئەم مل نانەی خەڵکی کوردستان بەرەو ئەو وولاتە ئیسلامیانە دەبوو نەك بەرەو ئەوروپا. خەڵکی خوازیاری ئەوەن وەك ئەڵگۆی ئەوروپی بژین نەك ئەلگۆیەکی ئسلامی.

هەوڵ و تەقەلای ئێمە بۆ جێگیر نەکردنی بەندێك لەچەشنی بەندی حەوتەمی دەستوری پێشنیار کراوی هەرێمی کوردستان و هەوڵدانمان بۆ جێگیر کردنی جیایی ئایین لەدەوڵەت و سیستمی پەروەردەو خوێندن ڕێك دێتەوە لەگەڵ ئارەزوو و خواستەکانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستاندا. وەئەوە حیزب و هێزە دەسەڵات دارەکانن کە بە پێی بەرژەوەندی خۆیان نایانەوێت ڕەسمیەت بەو خواستانەی خەڵکی بدەن لە ناو دەستوردا. لە شکڵدا وادەرئەکەوێت ئێمە ئەمانەوێت شتێك بەسەر خەلکدا بسە پێنین کە نامۆیە پێیان. وەلەڕاستیدا ئەوە شتێکی نامۆیە بەو نوسینە کەلە هەویەی ئەحواڵی مەدەنیاندا هەیە و ڕێکیش دێتەوە لەگەڵ خواست و ئارەزووە واقعیەکانیاندا.

**پاوێژ:–** مەبەستت ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان موسڵمان نین وەیان تەنها بە"تەسکەرە موسڵمانن"؟

**وەڵام:**– نا، بەدڵنیاییەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن. بەڵام نەك بەو مانایە کە ئیسلامی سیاسی ئیدیعای دەکات. کۆمەڵگاکانی جیهان، هەر لە ژاپۆن و چین و هیندستانەوە بیگرە تا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و ئەمریکا، هەرکۆمەڵگەیە چەند ئاینێکی تیایە،کە لە ناو هەموو ئاینێکیشیدا چەندین فرقەی ئاینی یان مەزهەبی جۆراوجۆر لەهەمان ئاین هەیە و زۆرینەی کۆمەڵگەیەك باوەڕیان بە مەزهەبێکی دیاریکراوی ئاینێك هەیە. هەروەها لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکیشدا کەمایەتیەکیش هەیە کە باوەڕیان بەهیچ ئایینێك نیە. جا ببینە ئەگەر جیهان بەو پێیە دابەش بێت بەسەر چەندین دەوڵەتی ئایینی و چەندین مەزهەبی جیاجیا و هەریەکەش خۆی بە ئاین و مەزهەبی دروست بزانێت و هەوڵی بەجیهانی بوونی ئاین و دەسەڵاتە ئایینیەکەی خۆی بدات، ببینە جیهان ئەبێتە چ جەنگەلستانێك!. بەدڵنیاییەوە جیهانی ئەمڕۆش بەهەشت نیە و جەنگەڵستانە بەجۆرێکی تر، بەڵام بەشەریەتی ئەمرۆ توانیویەتی یاساو ڕێو ڕەسمێك بەناوی "مافی مرۆڤ"، " ئازادی بیرورا دەربڕین"، "مافە مەدەنیەکانی هاووڵاتیان"، "مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان"ی خەڵك و " مافی ژن و منالْ" و "مافی بڕیاردانی چارەنووسی میللەتان" ...هتد، لەناو ئەو جەنگەڵستانەدا بەڕەسمی بناسێت، هەرچەندە لەباری عەمەلیشەوە تائێستا تەنها بەشێکی کەم لەخەڵکی جیهان بەهرەبەدارن لەم مافانە، جا ئەگەر ئەمەش لەناو ئەم جەنگەڵستانە دەرکێشی ئەوەی کە ئەمێنێتەوە وەحشی گەریەکی بێ پەردە ئەبێت. مەسەلەی جیایی ئایین لەدەوڵەت بۆ پاراستنی ئەو کەسانە نیە کە بێ باوەڕن بەئاینەکان و هیچ ئاینێکیان نیە، بەڵکو بۆ ڕێگە گرتنە لە داسەپاندنی ئیستیبدادی فکری و سیاسی بەسەر کۆمەڵگەدا لەڕێگەی بەئاینی کردنی دام و دەزگاکانی دەوڵەت و یاساکانی ڕێکخستنی کاروباری هاووڵاتیان. ڕاستە لە داسەپاندنی ئاین و مەزهەبێکی دیاریکراو سەرەتا لەوانەیە بێ ئاینەکان بکەونە بەر پەلامار بەڵام ئاکامەکەی فشار هێنان بۆ سەر بەشەکانی تری کۆمەڵ کە یان ئایینی جیا یان مەزهەبی جیایان هەیە لە هەمان ئایین، وە ئەم فشارە هەر بەهەڵاواردن و فشاری یاسایی و دەرونی ناوەستێتەوە بۆ سەر بەشەکانی تری کۆمەڵ بەڵکو ئاکامەکەی شکەنجە و کوشتوبڕ و قەلاچۆکردنی خەڵکی ئەبێت بەناوی ئاینەوە. <u>زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن بەو مانا نا کە خوازیاری دەوڵەتێکی ئاینی بن</u>، وەك ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی وای تەفسیر دەکات و دەیەوێت بیکاتە دەستمایەی کاری سیاسی خۆی بۆ داسەپاندنی بەرنامەی سیاسی خۆی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا. بەڵکو بەو مانایە کە زووربەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە باوەڕیان بە ئایینێك و لەناو ئەو ئاینەشدا زۆرینە باوەڕی بەمەزهەبێکی دیاری کراوی ئەو ئایینە هەیە، وەئەوە مافێکی سروشتی خۆیانە. جیایی ئایین لەدەوڵەت بەو مانایە نیە کە ڕێگە بگریت لەوەی کە خەڵکی ئایینیان هەبێت یان فشاریان بۆ بهێندرێت و هەڵاواردنیان لەگەڵدا بکرێت. بەڵکو بەو مانایەیە کە ئایین مەسەلەیەکی شەخسی ئینسانەکانە و ئازادن لەوەی کە چ ئایینێکیان هەبێت، بەڵام ڕێگە دەگرێت کە کۆمەڵگە فۆڕماتێکی ئایینی بکرێت. ئێمە ڕاشکاوانە لە ڕاگەیاندنی کەمپینەکەماندا ووتوومانە کە خەڵکی کوردستان ئازادن لەوەی کە هەر ئایینێکیان هەبێت یان هیچ ئایینێکیان نەبێت وەنابێت کەس لەسەر دینداری یان بێ دینی ئەشکەنجە و ئازار بدرێت یان هەڵاواردنی لەگەڵدا بکرێت.

**درێژەی هەیە....**